# داكۆكيكردن و ياسا ژينگەييەكان بۆ پارێزەرانى ئاوى عێراق

Water Right Foundation

This Project is Funded by European Union | Partnership | Implemented by NI

هەواڵنامەى ژمارە ١١ — حزيران – ٢٠١٦ — پەڕەی ١ لە ١

## گۆڕينى كارەساتى چاوەڕوانكراوى بەنداوى موسڵ بۆ هەلێكى باش

لەم ساڵانەی دواییدا عێراق بەشی خۆی لە کارەساتەکان بینیوە بەڵام هیچیان هێندەی دارمانی چاوەڕوانکراوی بەنداوی موسڵ مەترسیدار نین. تەقینی بەنداوەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی هوروژمی شەپۆلێکی هاوشێوەی تسونامی کە بە درێژایی ڕوباری دیجلە شارو لادێکان لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت هەر لە موسڵەوە هەتا دەگاتە بەسرەو عەممارە لە ئەوپەڕی باشوور. لە ماوەی چوار ڕۆژدا بەغداد بە قوڵایی پێنج مەتر لەژێر ئاودا نقوم دەبێت. شارەزاکان نەک تەنها مەزەندەی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە ژمارەی قوربیانیەکان بگاتە ٥٠٠ هەزار بۆ یەک ملیۆن بەڵکو حیسابی لۆجیستیکی گەیاندنی ئاوی خواردنەوەو کارەباو خۆراك و نەخۆشخانەو گواستنەوە گاز دەکەن بۆ چەند ملیۆنێک کەس.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کارەساتە لە سەر چەندین ئاستی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت لە بانگەوازی وریاکردنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ هاوڵاتیەکانی، کە داوایان لێدەکات بە لایەنی کەمەوە شەش کیلۆمەتر لە ڕوباری دیجلە خۆیان بەدووربگرن (هەرچەندە باڵیۆزخانەی ئەمریکا خۆی لەسەر کەنارەکانی ڕووباری دیجلەیە) هەتا دەگات بە بێخەمی حکومەتی عێراقی کە هیچ دەسپێشخەریەکی نییە جگە لە ڕاگەیاندنی خەمساردانە بەوەی کە هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییەو گوایە کارەکانی توندوتۆڵکردنی بەنداوەکە لەڕێگەی پڕکردنەوەی درزەکانەوە بەگوێرەی خشتەی زەمەنی دیاریکراو بەڕێوە دەچێت.

ڕەفتاری خاوو خلیچکانەی حکومەتی عێراقی، سەرباری ئەو ڕاپۆرتە ناوخۆییانەی کە لەلایەن 'دەستەی ئەندازیارانی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە' (Army Corps of Engineers ) ئامادەکراون – کە بەم دواییانە ئامێری چاودێریکردنی زۆر هەستیاری دامەزراندووە -- ئاماژەی ئەوەن کە ئەم بەنداوە لە مەترسی ڕاستەقینەدایە. ئامێرە هەستیارەکە بەڕێژەی پێنج میلیمەتر جوڵەی لە سەر ئاستی بنکەی بەنداوەکەو و جوڵەی لایەکانی دەستنیشان کردووە. ڕەنگە وادەربکەوێ ئەمە جوڵەیەکی گەورە نەبێت بەڵام بۆ بەنداوێکی هێندە گەورەی وەکو بەنداوی موسڵ—کە گەورەترین بەنداویشە لە عێراقدا—جوڵانێکی ئاوا لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا ڕەنگە ئاماژەی چیرۆکی کارەساتێک بێت کە بە ڕێگاوەیە.



### کێشەیەک بە خشکەیی

بەغداد ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری داوە بە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای درزپڕکردنەوە. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە پلاستەر بخەیتە سەر زامی برینی گولە وە واپیشانی بدەی کە هەموو شتێک باش دەبێت. دوو مانگی داهاتوو زۆر مەترسیدار دەبن دوای ئەوەی کە بەفر دەست دەکات بەتوانەوەو بەنداوەکە دەست بە پڕبوونەوە دەکاتەوە. ئەو کۆنتراکتەی کە ئیمزاکراوە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت هەتا بتوانێ ڕێگری بکات لە کارەسات لەم وەرزی لافاوەدا. هەروەها حکومەتی عێراقی هەوڵ دەدات کە شوێنی زیاتر لە بەنداوەکەدا بکاتەوە لە ڕێگەی کردنەوەی یەکێک لە دەروازەکانی لافاوی بەنداوەکە ( ئەوەکەی تر لە ٢٠١٤-ەوە لە کارکردن وەستاوە) پاشان بەڕێکردنی ئاو بەرەو دەریاچەی سەرسار، کە دەریاچەیەکی دەستکردە لە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلەو قوڕاتدا، ئەمەش بۆ عەمبارکردنی ئاو بۆ هاوین کە لە باشووری عێراقدا پێویستیان پێی دەبێت. هەرچەندە کە دەریاچەی سەرسار لەناوجەرگەی هەرێمی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دایە.

دوو کۆمپانیای بنیاتنان پێشنیاریان کردووە بۆ پتەوکردنی بناغەی بەنداوەکە دیوارێکی ناوبڕی کۆنکریتی بە قوڵایی ٢٠٠ (٦٠٠ پێ) مەتر لە ژێر بەنداوەکە دروست بکەن کە پێشتر نموونەی نەبووە. ئەم چارەسەریە کە مەزەندە دەکرێت ٣ بلیۆن دۆلاری تێبچێت ڕەنگە هێشتا کێشەکە چارەسەر نەکات. ئەم دیوارە ناوبڕە پێشتر لە هیچ شوێنێک تاقینەکراوەتەوەو پێویستە نەخشەڕێژی (دیزاین) بۆ ئامێری تایبەتی بکرێت و ئامێرەکە دروست بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە ئەندازیاریە.

پێشنیارێکی تر ئەوەیە کە بەنداوێکی تر لەسەر ڕێڕەوی بەنداوی موسڵ دروست بکرێت بۆ بەرگرتن لە شەپۆلەکانی ئاوەکە. بەڵام دروستکردنی ئەو بەنداوەش چەند ساڵێکی پێویستەو لەو ماوەیەدا ئێمە دەبێ بەردەوام لە ترسی ئەوەدا بژین کە دزەکردنی ئاو بەنداوەکە بتەقێنێت.

### لە ڕوبەڕوبونەوەوە بۆ هاوکاری؟

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چارەسەرێکی تر هەیە کە نەک تەنها هەرزانترە بەڵکو ڕەنگە ببێت بە بنەمایەک بۆ هاوکاریکردن لە نێوان حکومەتی و عێراقی و کوردەکان و تورکیاو شاری مێژووی تورکی حەسەنکەیف بپارێزێت و ئاوێکی زیاتر بەرێبکات بۆ زۆنگاوەکانی باشووری عێراق کە ئێستا کێشەی بێئاویان هەیە. ئەم پێشنیارە جێگرەوە چەند قۆناغێکی هەیە.

یەکەم، لەجیاتی بەکارهێنانی ٣ بلیۆن دۆلار کە پێویستە بۆ چاککردنەوەی بەنداوی موسڵ—کە ئەمەش پارەیەکە لە ئەمڕۆدا عێراق ئەستەمە بتوانێت دابینی بکات ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە وڵاتەکە کێشەی کورتهێنانی بودجەی هەیە— سەرچاوەکان بەکاربهێنرێن بۆ گلدانەوەی ئاو لە ناوچە شاخاویەکانی تورکیاو لەکارخستنی بەنداوی موسڵ.

لە ئێستادا تورکیا لە قۆناغی کۆتایی دروستکردنی بەنداوی 'ئیلیسو' دایە بەڵام ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری کوردی و خەراپبوونی باری ئاسایشی ناوچەکە ڕێگری دەکەن لە پرۆسەی بنیاتنانی ئەو بەنداوە. هەروەها مقۆمقۆیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەگەری نقومبوونی شاری حەسەنکەیف کە دەشێ ببێت بە بەشێک لە شوێنەواری کەلەپوری جیهانی (World Heritage Site).

داكۆكيكردن و ياسا ژينگەييەكان بۆ پارێزەرانى ئاوى عێراق

Water Right Foundation

This Project is Funded by European Union | Partnership | Implemented by NI

Www.NatureIraq.org — ئـــامادەكرا لە لايـــەن ئەندازيار : ديــارى محمد رشـــيد موە

بەگوێرەی ئەم پێشنیارە عێراق پارە دات بە تورکیا بۆ گلدانەوەی ئاو بۆ بەکارهێنانی لە عێراقدا. گلدانەوەی ئاو لە ناوچە بەرزەکانی تورکیا لەو شوێنانەی کە دۆڵی قوڵ و تەسکی لێیە بە ڕێژەیەکی گەلێک زۆر ڕوبەری سەرەوەی ئاوەکە کەمدەکاتەوە ئەمەش وادەکات کە بواری بە هەڵمبوونی ئاو کەمببێتەوە بە بەراورد بە بەنداوی موسڵ، ئەمەش بۆخۆی وادەکات کە ئاوی زۆرتر لە سەرچاوەکاندا کۆببێتەوە. عێراق بە هەناردەکردنی نەوت و غاز پارەی کرێی زەوی دەدات بە تورکیا، لێرەوە بازاڕ بۆ بەرهە هایدرۆکاربۆنیەکانی خۆی پەیدا دەکات کە بەردەوام لە گەشەکردندان.

بۆ پشتیوانیکردنی ڕێککەوتنەکە،ڕەنگە یونسکۆ بەشێک لە کرێی زەوی بدات بە تورکیا ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاوی بەنداوی ئیلیسو هێندە زیاد نەکات کە هەڕەشە دروست بکات بۆ سەر شاری حەسەنکەیف. دەشێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بیر لە هاوکاریکردنی ڕێکەوتنەکە بکاتەوە لە پێناوی کەمکردنەوەی گرژی لە ناوچەکە و یارمەتیدانی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە کارەساتێکی مرۆیی بەهۆی تەقینی بەنداوی موسڵەوە.

جگە لەو سودە دیارو کۆنکریتی و بەردەستانەی باسکران، ڕێککەوتنێکی ئاوا میکانیزمێک دەخولقێنێت بۆ بەڕێوەبردنی حەوزی ڕوبارەکان بە شێوازێکی هەرەوەزی فرەلایەن. ئەمە دەشێ ببێت بە بنەمایەک بۆ هاوکاریکردن لەسەر کۆمەڵێک بابەتی بەرفراوانی تر، لەوانە پاراستنی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق لە ڕێگەی بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە لە بەهاردا بەشێوازێکی ڕێکخراو بۆ دروستکردنەوەی سوڕی مێژووی ئاوی لافاو کە ئەمەش ژیانی زیندەوەرەکانی زۆنگاوەکان نوێ دەکاتەوە. هەروەها عێراق دەتوانێ کاری هاوبەش بکات بۆ چاودێریکردن و چاککردنەوەی وێستگەکانی نەوت و غاز کە خواست لەسەر هاوردەکردنی کارەبا زیاد دەکات بە بەردانەوەی ئاوی عەمبارەکانی ئاو لە تورکیا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زیاتری کارەبا لە ڕێگەی ئاوەوە (Hydroelectricity).

***ئامادەکراوە لە لایەن عـزام علـواش، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گشتـی ڕێکخراوی سروشتـی عێراق***

## بەژداری کردنی ڕێکخراوی سروشتی عێراق لە هەرەوەز بۆ ( پارکی هەواری شـــار )

ڕێکخراوی سروشتی عێراق لە بەرواری 22ی ئایاری 2016، بە ئامادەبوونی چەند ڕێکخراوێکی ژینگەیی و فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، بەژداریمان کرد لە هەرەوەز بۆ ( پارکی هەواری شـار) لە سلێمانی، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی زیندە هەمەچەشنی، ڕێکخراوەکەمان هەستا بە بڵاوکردنەوە و دابەش کردنی چەند ناميلكەيەك دەربارەی مێژووی سروشتی عێراق و چالاکییەکانی پرۆژەی داکۆکیکردن.

پارکە هەواری شار گەورەترین پارکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وە یەکێکە لە گەورەترین پارکەکان لەسەر ئاستی جیهان کە ڕووبەری زەوی یەکەی بریتی یە لە 11 ملیۆن مەتر سێ جـا. جێی ئاماژە بۆ کردنە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی سلێمانی و دەوروبەری سەردانی پارکی ناوبراویان کرد لەو ڕۆژەدا، ڕێکخراوی سروشتی عێراق سوپاسی هەریەك لە ڕزگـار جلال، دێکـان صدیق و مینا شۆڕش دەکـات کە لەو ڕۆژەدا وەك خۆبەخش توانیـان هاوکاری یەکی زۆری ستافی ڕێکخراوەکەمـان بکـەن.















